زنجیرە کتێبی ئەلیکترۆنی
گرووپی نەسین

٧

# سوڵتانی عیشق



بەشێك لە وتە و شعرەکانی

**ئیبراهیم صالح (نەسین)**



زنجیرە کتێبی ئەلیکترۆنی گرووپی نەسین


ناوی کتێب : سوڵتانی عیشق
نوسەر : ابراهیم صالح ( نەسین )
ژمارەی کتێب : پێنجەم

www.kurd4to.tk




بووی بە سێبەرم
هەر دێم و پێت ناگەم

جێم بهێڵە
خوا بمگرێ ئەگەر بڵێم:
بیرت ئەکەم





هاوڕێی بەوەفا
هیچی زۆرتر نیە
لە پشیلە

زۆر بیرکردنەوە لە شکست
دووبارە شکستە





مێشکی مرۆڤ
وەك ڕۆبۆرتێك وایە
بەکاری نەهێنی
ژەنگ هەڵدێنێ




ئەگەر نەبمە هۆکاری
پێکەنینی خەڵکی
لایەنی کەم نابمە
هۆکاری گریانیان




نیشتیمان خۆشە
بەڵام بۆ ئێمە نا

ئەوەی کۆتایی نیە
هیوا وئاواتە





من دڵنیام کە عەشقی تۆ
گەنجیم ئەبا پیری دێنێ
هەرواش لەگەڵ عەشقت ئەژیم
کە ڕووحیشم لێ بستێنێ



بە شێوەیەك تەنیام
تەنیایی لێم بێزارە
بە شێوەیەك تەنیام
تەنیایی سەری سوڕماوە




ئەوەی هەڵدەستێ
باسی خۆشەویستیم بۆ ئەکات
بابە من ئەمەوێ خۆشەویستی
ببینم نەك بیبیستم



کێشەی عاشق بوون ئەوەیە
بە دەست خۆمان نیە





مانگ و خۆر و ئەستێره
لە ئاست جوانیت شەرمەزارن
ئەوکاتانەی کە تۆ دیار نی
ئینجا ئەوان جوان و دیارن



چی وترابێت سەبارەت بە
"کتێب"
هیشتا سەرەدێره و سەرەتایە

مرۆڤەکان
ئەزموونەکان
دروست ئەکەن


وام لێهاتوە بڵێم:
چی تر هاوسەرگیری مەکەن
دەسەڵاتێك نرخی ئێمەنەزانێ
چۆن نرخی نەوەکانمان ئەزانێ





# خەیاڵی منداڵێکی هەژار


زۆر جار پرسیار لە خۆم ئەکەم
ئەبێ ڕۆژێ دەوڵەمەند بم؟
خاوەن پارە و ماڵی خۆم بم؟
ئەبێ کەی بێ
فڕێی دەم ئەم جلە ڕەشە ؟
ڕزگارم بێ
ئالەم ژیانە ناخۆشە؟
لەم خەیاڵانە دایکم پێم ئەڵێ
کوڕم بڕۆ کلێنسەکانت
بفرۆشە..





"کتێب"
دروست کراوێکی
درووستکەر


مالّی یار ئەکوێیە؟
بارێك لە خۆشبەختیم پێیە
مالّی یار لە کوێیە؟
خەمەکانیان
لەم دلّە شێتەی خۆم بارکەم







ئەوەی خەمی دنیا بخوا
ئاخری دنیا سەری ئەخوا

تۆش وەك "چا "ی
بۆ ئەم عەشقە
سەرەتا زۆر گەرم بوویی
بەڵام ئێستا سارد بوویەوە....







نانوسم بیرت ئەکەم
پێنووسەکەم
درۆ نازانێ...



پارە بۆ خزمەتی مرۆڤە
بە داخەوە هێند مرۆڤ
بوونەتە خزمەت کاری...





بەقەد دنیا دڵم شکا
بۆخۆت بێ خەم و دڵخۆشی
منت بە خەیاڵدا نایە
خەمی دنیات بە من نۆشی..
لە دڵەوە خۆشم ویستی
تۆ قەدری منت نەزانی
عومەر بەهاریم تێپەڕی
زوو پایز بوو بە میوانی



زۆر بەسادەی خۆشم دەوێی
سادەتر لە ئەوینی
پەپولە و گوڵ
:




گرنگ نیە چەند خۆشت دەوێم
کەم یا زۆر
گرنگ ئەوەیە خۆشەویستی من
بەشی هەردووکمان دەکات



"جەنابی یار" خۆشم دەوێ
زیاتر لە خۆم
کەمتر لە خودا و پێغەمبەر..



"جەنابی یار" خۆشم دەوێ
زیاتر لە خۆم
کەمتر لە خودا و پێغەمبەر..



ئێستا کە تۆ بەجێت هێشتم
بەیەکجاری دڵم شکا.
فرمێسکی چاوم وشك بوو
دوا دڵۆپی بۆتۆ تکا...



چیە؟
ئێستا سەرت قاڵە؟
بۆ چی نایە خەونەکانم ؟؟

بەیارم کردی..
بێ یارت کردم..






" خەم "گەورەترین هونەرمەندە..
هەموو ڕۆژێ بەرهەمێکی تازەمان
پێشکەش دەکات..


جەنابی " یار"
بۆ مردنم
نیگایەکی سارد بەسە ...






کارەساتی خۆشەویستی ئەوەیە ..
بۆ جەنابی "یار"
لە قەرەباڵغی دنیادا
هەستی تەنیای دام ئەگرێ....

جەنابی" یار"
ئازادی چۆن ئازارم ئەدەیی
بەس بە دووری خۆت نەبێ...






خەم بۆتە هۆکاری ژینم
جیا نابێتەوە هەتا هەم
بۆیە هەتا مردن دەڵێم
زۆر زۆر سوپاس بۆتۆ کاك "خەم"



هەرگیز کەسێك مەشکێنەوە
چونکە ئەو کەسەی
دەی شکێنیەوە
بە هەموو تەمەنی
خەریکی دروست کردنی
ئەو کەسایەتیە بوە




گەر ببمە پاشایی ئینگلیز و یابان
خاوەن جوانترین کۆشك لە جیهان
بێنە بن دەستم ئەمانە گشتیان
نایدەم بە بستێ خاکی کوردستان



جەنابی یار
مەیەوە با تەنیایی
لێم نە تۆرێ..

من هیواکانم
بێ ئومێدیان کردم..


ئێستا خۆمم خۆشدەوێ
نەک تۆ...






جەنابی "یار"
تەنیاییت پیرۆز

خۆزگەم بە تەنیایی
لە هەمووکەسێك
زیاتر لایەنگری هەیە





لەگەڵ ڕێزم بۆ هەندێك یان..
هەندێ كچ وەك پەیج وان
دوو سێ ئەدمینی هەیە



من چی بكەم؟
چۆن دڵ خۆش بم ؟
كەسێ نەبێ
كە پیرۆزبایم لێ بكا؟
نەوەك نەورۆز هەزار جەژن
بۆ ساتێ دڵ خۆشم ناكا...



ئەی خۆشبەختی
هەر هیچ نەبێ
ساڵێ جارێ
وەك رێبوارێ
بە کوچەی دڵما تێپەڕە
سەیر بکە گوڵی تەمەن
چۆن شێواوە و چەند پەڕپەڕە ...



"خەم تاقانەی دڵی منە"



هێندە تەنیام وا ئەزانم
جارێکی تر نات بینمەوە
جارێکی تر قژی خاوت
بەم پەنجانەم ناهۆنمەوە



خوێن نابەخشم بەهیچ کەسێ
کە گشت دنیاش
لە سەر خوێنم پەکیان کەوێ
ئەترسم خوێن بەم بەهەرکەس
لەمن زیاتر تۆی خۆش بوێ




ئەوینی من ئەوینێکە
باس ناکرێ بە پێنووسێ
دووعا دەکەم لە خوای گەورە
چارەمان لەیەك بنووسێ



من بە دڵ خۆشم ویستی
تۆ نەت بوو بڕوا...
بەسیەتی دڵ مەشکێنە
تەمەن زوو دەڕوا..




دایك و باوك
ئەو دوونیعمەتەی
خودا یەکجار
بە بەندەکانی دەبەخشێ



دەڵێی ئەرۆم بەجێت دێڵم
دوابڕیارمە
تازە ئەو بەڵێنەم داوە
پێم ئەڵێی تۆ بۆخۆت بژی
ئاخر توخوا
کەی ماسی بێ ئاو ژیاوە؟




کتێب بۆ ئەوەی خۆی بچوك بێتەوە
تۆ گەورە ئەکات



دەدەر کەوە ئازیزەکەم
کەسێ نیە بم لاوێنێ
تامەزرۆم دەنگی ناسکت
بەنازەوە ناوم بێنێ



کە من دڵم لەلایی تۆیە
چی لەم جەستە بێ گیانە کەم.
دەستەکانیشم ئەنێرم
تا کوو پرچت بۆ شانەکەم
چاوەکانیشم ئەنێرم
تا دنیا جوانتر ببینی
تەنیا رووح مت نادەمێ
تورە مەبە
ئەمەوێ خۆت بێی
رووحم بستێنی



دڵم بیرت ئەکا...
بەڵام من دایم
بە قسەی مێشکم ئەکەم نەك دڵ...




دایە گیان...
ئەگەر مردم...
حەز ناکەم بێیە سەرگۆڕم..
چونکە بەخوا شەرم دەکەم ...
کە ئەت بینم لە بەرت هەڵنەستم



وام ئەزانی
تۆ هەوریت و منیش باران
هەرگیز بێ یەکتر هەڵناکەین
نەم ئەزانی
تۆ ئاسمانی و منیش زەوی
هەرگیز
بەیەکتری ناگەین




بۆچی ڕۆشتی..
ئەو شەوانەت لە بیر چۆوە؟؟
صەدان نامەیی خۆشەویستیم
بۆ تۆ ئەنارد..
ئەی بێوەفا...
رقم لە خۆشم هەڵساوە
چونکە دڵم تۆی هەڵبژارد....



ماشاللە..
هەندێ کەس
پێکەنینیشی لێ جوان نیە...




وتت ئەوەیی دڵت بشکێنێ..
شوشەیی ژیانی ئەشکێنم...
بەڵام دڵشکێنی من "تۆ"یی...



ئەی دۆست ...
هەمیشە هەوڵدە و
بیرۆکەکانت تاقی بکەوە..
شتێك نیە بە ناوی مەحاڵ...




چەند دڵڕەقیت
هەر کەزانیت بیرت ئەکەم
چی تر نەهاتیەوە خەوم



ئەگەر بەینی نێوان
زەوی و ئاسمان
نێوانمان بێ
لە ناو دڵما هاوسنوورین
ئەوە بیر بێ



ئەی دۆست..
دڵم پڕە لە خەمی دوریت .....
بە ئەندازەیەك
شوێنێك بۆ خۆشیەكانی خۆم
نەماوەتەوە..



ئیلاهی دڵم
ئەبەخشم بە دینەكەت ...
نەك بەندەكانت..
چونكە هەندێ لە بەندەكانت..
پەیمان شكێنی دڵ شكێنن...

ئیبراهیم نەسین


خۆشەویستت فێری کردم
پێنووس بکەم بە هاوڕێی خۆم
چ تاوانێکم کردوە
بۆ عەشقی تۆ ببم بە مۆم؟؟
مەگەر بۆ تۆ نەگریاوم
بۆت فرمێسکم نەرشتوە
بە ئەستەم هەناسەم ماوە
خەمی دنیام بۆت چەشتوە
واش هەر باوەڕم پێ ناکەی
تاکوو مەرگی من نەبینی
دوعا دەکەم لە خوای گەورە
ڕەبی خێر لە خۆت نەبینی





وازبێنە بڕۆ..
نە بیرم کە
نە پیرم کە

هەمووشتێك باشە
جگە لە دڵی من




شارەکەم
وەك دڵم بچووکە
بەڵام پڕە لە خۆشەویستی



جارێك دڵ شكان ڕێكەوتە..
دووجار دڵشكان بێ عەقڵیە ...

ئیلاهی..
"عیشق"
چ ئاگرێكە
كە بەندەكانت
وا ئارەزووی سوتانی دەكەن..







ئەگەر تەنیایی نەبێ
تەنیاتر دەبم

بەویستی ژیان ژیام
ئەو بە ویستی من
نەبوو.





من بە بێ تۆم
تۆش بێ منی
ئەتەوێ ئاشت ببینەوە
من دیارم
بەس تۆ ونی




بۆ کەسێکی بێ دایك

هەموو دنیا کۆببنەوە
داکێکیان پێ دروست نابێ
هەزار نەفرەت لەو مندالەی
لە ئاست دایکی بێ وەفابێ



له پایزدا له دایك بووم
بۆیه دایم ڕەنگم زەردە
باوەڕم بە تۆ نەماوە
تکادەکەم یەخەم بەردە



شەو و ڕۆژ بۆ من
فەرقی چیە؟
خۆ من دڵم هەر تاریکە
بێ تۆ



خۆری من
لە ماڵی ئەوەوە هەڵدێ

لەگەڵ تۆ
خۆشەیەکان کۆتانایەن
بێ تۆ
خەمەکان..





من پڕم لەتۆ
خاڵیم لە خۆم


تەنیایی بەشێکە لە من
بی من
بۆ هیچ شوێنێ ناچێ
تەنانەت بۆ ماڵی یاریش..





ئازارەکان
ئامۆژگارین
ئەگەر زیرەك بین
و پەندیان لێ وەربگرین


خاتوونەکەم
چی گوڵێکت پێشکەش بکەم؟
کە تۆ بۆخۆت گوڵزارێکی





ئەوەندە خەمم خواردوە
خەم
خەمم بۆدەخوات


خۆزگەم بەو کەسەی
هیچ خۆزگەیەکیان
نیە





گەورەکان
ئەوانەن کە لێبووردەن

یادەکانت
هەمیشەسەرم لێ ئەدەن
هەر هیچ نەبێ
تۆ زێ خەمی نوێم
بۆ ئەهێنن..





عەشقی ڕاستەقینە
هاوڕیی ڕاستە قینە
ئەم دووڕاستەقینەیە
ئێستا تەنیا لە ناو ڕۆمانەکاندا
گوێبیستیان ئەبین
چونکە ئێستا نەماون..



ڕۆشتی بێ ئەوەی بزانی
لە گەڵجانتاکەی دەستت
خۆشبەختی منیش ئەبەی



زستان لە تۆ ئەچێ
وەك تۆ ساردە..


مەم ناسە و لێم دووربە
با خەمت پێ نەناسێنم





عەشق بۆمن
وەك كیمیایەكەی هەڵەبجەبوو
بۆنی خۆش بوو
بەس كوشندە بوو..


عەشق
بكوژترین هیوای دڵم






باخەکانی خەیاڵی من
میوەیی "خەم"
بەهەرم ئەهێنن


زۆر بەسادەیی خۆشم دەوێی
وەکو عەشقی
پەپوولە و گوڵ





دنیایەکی سەیرە
هەتا نەمرین
کەس هەست بە بونمان ناکات

”دایك“
باشترینەکانی بۆ کۆرپەکەی
ئەوێ
بۆخۆیی بە خراپترینەکانیش
ڕازیە





هیچ کەس
وەك خۆم هاوڕێم نیە


زۆر گەڕام زۆر
لە "تۆ"دا
خۆم دۆزیەوە





عەشق
نەمامێکە
لە هەموو دڵێکا ناڕوێ

ئەگەر خۆت پێ گەورەیە
ئەوا لەم دڵە بچووکەم دا
جێگەت نابێتەوە




سوپاس بۆ هەڵبژاردنی ئەم کتێبە
www.kurd4to.tk